 

## خۆپیشاندانی کوردان لە ستۆکهۆلم
## بە گیانێکی یەکیەتی کوردانەوە بەڕێوە چوو

دوای ئەوەی کۆنسەی کورد لە سوێد و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و .پارتی ژیانی ئازدی کوردستان و پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان و کۆمەلەی مافی مرۆڤی کورد لە ئەورپا و ناوەندی چاک لە سوێد . بانگەوازی خۆپیشاندانیان دژ بە هەرەشەکانی تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان و گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان کرد . ئەمرۆ نزیک بە 500 کوردی نیشتمانپەروەری ستۆکهۆلم و دەوروبەری لە بەردەم سەفارەتی تورکیا لە شاری ستۆکهۆلم کۆبوونەوە . شایەنی باسە خۆپیشاندانەکە زۆر بە گیانێکی کوردانە بەڕیوە چوو ، سەرەرای ئەوەی زۆرینەی پارتە کوردستانییەکان لەم خۆپیشاندانەدا بەشدارییان نەکرد ، بەلام کاتێک بەشێک لە دروشمەکان بە وتنەوەی یەکیەتی کوردان دەوترا ، بوو بە جێگەی خۆشحالی کوردان وەک ( باکوور باشوور ڕۆژهەلات یەک چارەنووس یەک خەبات ، بژی خەباتی پکک و پارتی و یەکیەتی ، سلاو لە خۆراگری پێشمەرگە و گەریلا لە چیاکانی کوردستاندا )

دواتر وتارێک لەلایەن کاک ئەمینی رەشیدی بە ناوی خۆپیشاندەران و ئەم 6 رێکخراوەوە خوێندرایەوە کە ئاماژەی بەوە کرد سەرەرای زەبرو زەنگ و فشارەکانی یەک سەدەی رابردووی کەمالیزم لە تورکیادا بۆ لە ناوبردنی دەنگی ئازادیخوازانەی کورد کەچی نەیتوانی دەنگی شۆڕشگێرانەمان کپ بکاتەوە .

وتاری بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە ( پکک ، حزبی دیموکراتی کوردستان ، پارتی ژیانی ئازادی کوردستان ، کۆمەلەی مافی مرۆڤی کورد لە ئەوروپا ، گۆڤاری سیروان لە شاری یڤلە ) خوێندرایەوە ، شایەنی باسە ڕووناک شوانی بەرپرسی پەیوەندیەکانی نیشتمانی چاک وتارێکی بە ناوی چاک خوێندەوە کە داوای کرد کە هەوڵ بدرێت کوردستانیان لە هەموو شوێنێک پەیگیر بن بە بانگەوازەکەی ناوەندی چاکەوە سەبارەت بە بایکۆتکردنی کڕینی شتو مەکی تورکی تا بە قازانجەکەی

چیتر بە گولە نەدرێت و ڕۆڵەکانمانی پێ شەهید نەکرێت ، وەک هەڵوێستێک دژ بە بەهەڕەشەکانی تورکیا بە کاری بهێنین وە یەک ڕیزی کوردان لە هەندەران و ناوخۆ و پارتە سیاسییەکانی کوردستان بە هەلوێستێکی بەرز نرخاند و هیواخواز بوو ئەم هەڵوێستە درێژەی پێ بدرێت .

بەر لە کۆتایی خۆپیشاندانەکەش داوا لە سەرجەم خۆپیشاندەران کرا کە بەیانی خەڵک بچن بۆ خۆپیشاندانێکی تری کوردان لە شاری ستۆکهۆلم لە کاتژمێر13 لە Sergels torg .

ئەوەی جێگەی ئاماژە پێ کردنە مێدیای سوێدی بە گرنگییەوە وێنە و دیداری لەگەڵ خۆپیشاندەرانی کورد دەکرد و وەک کەنالی سەرەکی و سەرتاسەری سوێد SVT و Gun TV کە لە شاری ئامەدی باکووری کوردستان پەخش دەبێتەوە و هەندێ ڕۆژنامە و ئێستگەی سوێدی و کوردی تر .

ناوەندی چاک/ سوێد

2007/10/27

www.chak.be

chak_org@yahoo.com

تکایە جگە لەم ئیمەیل و ماڵپەرە هیچ ئادرەس و ماڵپەرێکی ترمان نیە.

.





STATS-TERRORISM


C.H.A.K
